زنجیرە : ٧٤




ژمارە : ١ سالی یەکەم ١٩٧١

چاپخانەی کوردستان — هەولێر

ساڵی ٢٥٨٢ ی کوردي

# رهێله

ژماره : ١ — سالی یەکەم

١٩٧١ ز. — ٢٨٥٢ کوردی

رهێله گۆڤارێکی ڕەوشەن بیری و پەروەردەیی ساڵانەیە
خوێندنگای دواناوەندی کوڕانی هەولێر دەری دەکات
بە سەرپەرشتی مامۆستای زمانی کوردی

دەستەی نووسەران

١ـ عبدالرحمن السعدی : مامۆستای زمانی کوردی

٢ـ لیژنەی زمانی کوردی

أ ـ عثمان محمد دەشتی — سکرتێری لیژنە

ب ـ ئەندامانی لیژنە :

١ـ دلشاد عبدالله سنجاوی

٢ـ طارق حسین

٣ـ رەهبەر جلال مامش

## چەن سەرنجێك لە بارەی كۆڤارەكەمان

به پێنوسی : عبدالرحمن السعدی مامۆستای زمانی كوردی

خوێندەواری خۆشەویست ئەم كۆڤارەی كە لەبەر دەستتانە نۆبەرە.
یەكی ڕۆڵەدلێرە چالاكەكانی خوێندنگای دواناوەندی كوڕانی هەولێرە
خوێنەر : هەوڵ و تەقەلامان بۆ پێش خستن و ڕوون كردنەوەی
زانیاری ئەدەبیات و كۆكردنەوە و باس كردنی كە لە پۆری نەتەوایەتیمان
پێویستێكی مرۆڤایەتی یە پێش ئەوەی نەتەوایەتی بێت .

جالەم بیرەوە خوێندكارانی خوێندنگاكەمان كۆششێكی زۆر بەبیر
و چالاكانەیان كرد بۆ پێش كەش كردنی كەمێكی كەم لە هەمەڕەنگ
لە وێژەو ڕێزمان لە كۆكردنەوەی ژیان و مێژووی ژیانی هۆنەرە
شاردراوەكانی شاری هەولێرمان ئەو هۆنەر و وێژەوانانەی كە
هۆنراوەكانیان وەكو ئەستێرەیەكی پرشنگدارن لە شەوەزەنگ دا
بەڵام تاكو ئێستا هەر بەبزری و شاردراوەیی ماونەتەوە وە
نەناسراون بەخەڵكەوە كە هۆنراوەكان و بەرهەمەكانیان بریتین لە
كانیەكی بێ بن .

وە كۆڤاری ڕهێلە زۆر بە شانازی یەوە دەستی درێژ كردوە
بانگەوازی ئەم هۆنەروو وێژەوانانە دەكات و بەخەلكیان ڕادەگەینیت
خۆمان زۆر بە بەختیار دەزانین كە شتێك

پێش کەشی نەوەکەمان بکەین جا ئێمە ئەوەی لە توانامان دا هەبێت
دەرکردنی ئەم کۆڤارەیە کە هیوادارم ببێتە زنجیرەیەکی نەپچڕاو و
نەپسێتەوە لە ڕاژەکردنی زانیاری و ڕەوشەن بیری بۆ نەتەوەکەمان

میللەتەکەمان زۆر دەوڵەمەندە لە هەموو لایەنێکی زانیاری
وێژەیی دا بەڵام پێویست بە لێگەڕان و لێکۆڵینەوە دەکات
ئەوەش ئەرکی سەرشانی هەموومانــــە .

هیوادارین کە ئەم کۆڤارەمان جێگای ڕەزامەندی هەمو
کەسێك بێت و جێگای خۆی بکاتـــەوە لە دڵی . . .
خـوێندەوارانی بەڕێزی کورد دا .





﴿وتاری ژمارە﴾

خوێندەوارانی بەڕێز :ـ

ئەم چەن لاپەڕە پوختەی والە بەر دەستتانە بەشێوەیەکی گشتی بیرووڕاو چالاکی ئامۆژگار و خوێندکارەکانی خوێندنگایەکە ، بێ گومان خوێندنگاش جیهانێکی فراوانی زانیاری و ڕەوشتی بەرز و ڕازی ئاواتی بەڕێزە .

وە دەرمانێکی کاریگەرە بۆ قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواری وە هەریەك لە ئێمە لە خوێندنگا دەبێتە کەسێکی تر

ئەو پەڕاوەش نیمچە دەرمانێکی خوێندنگایە .

بۆ ئەوەی ببێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ پێش خستن و ژیانەوەی زمانی کوردی بەکورتی خوێندنگا کارگەیەکی وایە پارچە ڕیسێکی خاوی تێ فڕە بدە ، پاش ماوەیەك بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەچنینێکی جوان ئەی خاتەوە دەستت ، هەر لەبەر ئەوانەشە کە خوێندنگاو ئامۆژگار هەمیشە جێگەی ڕێز گرتنە لەلایەن چاو و دڵی هەموو هەست و بیر خاوێنێکەوە .

ئێمەش وا هەر لەسەر ئەم باوەڕەوە بۆ ڕاژەی زانست و زانیاری بوبەرەچەلەك داچینەوەی نەزانین و نەخوێندەواری ئەوەهەنگاوەمان نا چونکە شتێکی ڕوونە کە یەکەم بنچینەی پێش کەوتنی هەموو

گەلێك خوێندەوارییە و ئامادە کردنی ڕۆلەکانی گەلە بۆ دووا ڕۆژێکی دوور تا پەك کەوتو نەبن لە ئیش و کاری ڕۆژانەیاندا ؛

وە ئێمەش کە مامۆستای زمانی کوردی و لیژنەی زمانی کوردین لە خوێندنگای دوواناوەندی هەولێری کوڕان ؛ خۆمان بە بەختیار دەزانین و شانازی دەکەین کە توانیمان وە بە یارمەتی بزووتنەوەی وێژەیی لە خوێندنگاکەمان ئەو گۆڤارە لەم شێوەیەدا پێشکەش بە خوێندنکاران و خوێندەواری کورد بکەین .

وە داوا کارین لە یەزدان کە یاریدەرمان بێت بۆ پێش کەش کردنی بەرهەمی باشتر لە ساڵانی داهاتوودا .

دەستەی نوسەران





## کورتە مێژوویەکی خوێندنگاکەمان

بە پێنووسی : مدحت محمد صفوت
بەڕێوەبەری خوێندنگا

لە بەرواری ٢٠ - ١٠ - ١٩٥٧ خوێندنگای ناوەندی هەولێر کرایەوە لە شوێنی خوێندنگای هەڵگوردی ئێستا .

یەکەم جار ژمارەی خوێندنکارانی کەم بوو لە بەر ئەوە خرابوە سەر خوێندنگای مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان .

بەڕێوەبەرایەتی و دەستەی مامۆستایانی هەردوولا یەك بوون ، وە لە ١-١٠-١٩٥٩ خوێندنگاکەمان گوێزرایەوە بۆ جێگای ئێستای خوێندنگای ناوەندی کوڕانی کۆماری ، کەلەسەر ڕێگای شەقڵاوەیە .

لەگەڵ خوێندنگای مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان بە تێکەڵاوی دەوام دەکرا .

ساڵ بە ساڵ ژمارەی خوێندنکارەکانمان زۆر دەبوو لە بەر ئەوە لە ساڵی ١٩٦٩ خوێندنگاکەمان بوە دوا ناوەندی ( ثانوية ) وە لە ١١ - ١١ - ١٩٧٠ خوێندنگاکەمان گوێزرایەوە بۆشوێنی ئێستای کەنزیکە لەخوێندنگا کۆنەکەمان ؛ وە دەکەوێتە سەر شەقامی (هلالي) بەم جۆرە تا ئێستا لە ماوەی ئەو چەن ساڵەی ڕابوردوو چەند گۆڕانێکی بەسەر هاتوە لەلایەن جێگاو لە بارەی مامۆستایاندا .

ئێستا ژمارەی خوێندنكارەكانمان (٤٢٠) خوێندنكارە وە ژمارەی مامۆستایانمان (١٦) یە جگە لە بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەكان .

من و مامۆستایان هەوڵ دەدەین كەوا زانیاری و شارستانیەتی بڵاو بكەینەوە لە ناو خوێندنكارەكانماندا وە هەوڵ دەدەین كە ڕێگایەكی ڕووناك و پرشنگدار بكەینەوە بۆ پێشكەوتنی ڕۆڵەكانی ئەم میللەتە ؛ وە هەروەها تێ دەكۆشین بۆ ئەوەی خوێندنگایەكی گورج و گۆڵ و وریا و خوێندنكاری ڕەوشت و كردەوەی پاك و نیشتمان پەروەری خوا ناس و ڕاستەقینە بڵاو بكەینەوە لە ناو خوێندنگاكەمان .

بۆ ئەوەی بگەین بە ئامانج و ڕێگای ژیانێكی پڕ لە ئازادی و كامەرانی بۆ خۆمان دروست بكەین .



## « بۆچی زمانی كوردی دەخوێنین »

بە پێنووسی عثمان حمد دەشتی

بێ گومان هەموو نەتەوەیەك لە جیهاندا زمانی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەو زمانەش دەبێتە هۆی پێ دەربڕینی مێژوو وێژە و پلەی پێشكەوتنی خۆی لە هەموو بارێكەوە .

وە ڕادەی پێشكەوتنی ئەو گەلەش بە پلەی پێشكەوتنی زمانەكەی دەپێورێ .

بۆیە زمان بەشی هەرە گرنگی كۆمەڵەكەوابو پێویستی خوێندنی زمان لە گەڵ پێویستی هەبوونی نەتەوە دایە .

جا نەتەوەی ئێمەش هەروەكو لە مێژوودا ئاشكرایە كە كۆنترین نەتەوەی سەر ڕووی زەمینە ، زمانی تایبەتی خۆی هەیە ، وە لە كۆنەوە تاكو ئێستاش بەكاری هێناوەو بەكاری دەهێنێ ؛ بەڵام داخەكەم لەبەر پاش كەوتنی نەتەوەكەمان بەشێوەیەكی گشتی لە هەموو بارێكی ژیانەوە لە چەرخەكانی پێشو ئەو زمانـــە وا نەبوژاوەتەوە و پلەی پێشكەوتنی وا نەبوە كە شایانی باس و پێ هەڵگوتنبێ ؛ بۆیە گەلێ لە هۆنەرو مێژوونوسانی كورد لە سەدەكانی پێشوودا ڕوویان كردۆتە زمانەكانی تر وەك زمانی فارسی و عەرەبی و توركی وە شارەزاییەكی باشیان لێ پەیدا كردوە

وە بەرهەمەکانیشیان هەر لە سەر ئەو زمانانە دا دارِشتوە و پێش کەشیان کردوە بۆ کۆمەڵی هاوچەرخیان .

بێ شك ئەوەش بویتە هۆیەکی کاریگەر لە پاش کەوتنی زمانی کوردی وە هەر ئەمەش بوەتە هۆی بزر بونی نەژادی ڕاستەقینەی گەلێ لە نوسەران و شاعرانی کۆنمان .

بەڵام ئیستاکە سەدەی بیستەمەو گەلانی جیهان توانیویانە گەلێ هەنگاوی بێ پایان بنێن لە ڕووی زانستەوە و گەلێ پایەی بەرز بە دەست بخەن .

گەلی ئێمەش دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتوە بەلکو توانیویەتی بەشێکي باش بەدەست بهێنێ لە پێش کەوتن و هەنگاونان بەرەو ژێر دەست کردنی پلەو پایەی بەرزتر . وە زمانەکەشمان بە شێوەیەکی چالاکانە دەستی کردوە بە بوژانەوەو سەر هەڵدان لە ناو جیهانا .

بەتایبەتی پاش ئەو گۆڕانەی (تطور) کە بەسەر زمانەکەمانا هاتوە وە هەر ئەو گۆڕانەش بوو کە توانی گەلێ لە ڕۆڵەکانی نیشتمان بگەیەنێتە پلەی بەرز و ببێتە هۆی دەنگ دانەوەی وێژەو زمانی کوردی لە جیهان دا .



بۆ وێنە مامۆستا گۆران وەرگرین دەبینین زۆربەی هۆنراوەکانی وەرگێڕاونەتە سەر گشت زمانە زیندوەکان وەك ( ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕوسی و عەرەبی ... هتد ) وە ئەوەش بەهەنگاوێکي بەرز دەژمێردێ لە پێش کەوتنی زمانی کوردی لە کۆڕی زمانەکانی جیهاندا ایرە ئەرکی سەرشانی ئێمەش ئەوەیە کە لە گەلکي پێش کەوتنی زمان بکەین ، وە بە گوێرەی توانا چەکی لەناوبردنی نەزانین هەڵگرین و هەوڵی بەرز بونەوەی بدەین .

وە لەو بروایەشدامە کە ئەگەر بهاتایە زمانی کوردی ڕاژە (خزمەت) بکرایە وەك ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە گەلانی پێش کەوتوو ئەی دەن بۆ بەرز بونەوەی زمانەکەیان ، دەیتوانی لە ڕیز ئەو زمانانەدا بوەستێ بەلکو زیاتریش . جا برای خوێندنکار پێویستە لە سەر تۆ وە لە سەر هەموو ڕۆڵەیەکی جگەر سۆز کەوا لە وانەکانی کوردی پاش نەکەوێ بۆ ئەوەی هەموومان بە یەکڕایی هەوڵ بدەین بۆ بەرز کردنەوەی زمانەکەمان .

زمانی زگماكي باوك و باپیرانمان

زمانی شیرینی ڕەوانی کوردی و پاك کردنەوەی لە ووشەی بێگانە چونکە هەروەك دەزانین زمان گرنگترین هۆیە بۆ گفت و گۆ و پەیوەندی لە نێوان گەلان دا .

## زمان و ویژەی میللی

مامۆستای زمانی عەرەبی
عبدالحمید اسماعیل

لە کۆنەوە تاکو ئێستا هەر نەتەوەیەك ویستبێ ڕاژەی زمانەکەی بکاو مێژووی ویژەو ویژەوانانی کۆ بکاتەوە گەڕاوەتەوە سەر پەندی پێشینانی و ووشە فۆلکلۆرییەکانی .

لێرەدا ئێمەش کە نەتەوەیەکی خاوەن سەروسامانێکی بێ پایانین لە ویژەو لەمێژوو لەڕەوشتی بەرزی کۆمەلاّیەتیدا ؛ بۆ بوژاندنەوە و پێش خستنی زمانەکەمان دەبێ بگەڕێینەوە سەرهەمان سەرچاوە تابتوانین پاکی بکەینەوە لەهەموو ووشەیەکی بێگانە .

چونکە ئەگەرهاتوسەرنجێکی ژیان بدەین لەگوندەکانمانا دەبینین هەر ووشەیەك واتەی دەست نیشان کراوی تایبەتی خۆی هەیە کەوابێ ئەوە گەورەترین خوێندنگایە بۆ دەرهێنانیو زانینی سەرچاوەی ووشەکانی زمانی کوردی ؛ تا بتوانین فەرهەنگەکانی زمانی کوردی لەسەر دابڕێژین بەشێوەیەکی زانستی تەواو .

وە ئێستاش گەلێ ووشە هەیە لەزمانەکەمانا نازانین لە کوێوە وەیا لە چییەوە هاتووە .

بەلاّم ئەگەر هاتوو گەڕاینەوە سەر ووشە کۆنەکانمان دەتوانین هەموو زاراوەیەك بدۆزینەوەو لە جێگای خۆی دابنێین ، بەبێ ئەوەی هەولّ بدەین و خۆمان



ماندوو بکەین بۆ دانانی ووشە بۆ نەهێشتنی کەمو کورتی لە زمانەکەمانا .

### لە فولکلوری دەشتی هەولێر :-

نە دڵ لەلای تۆ دەبێ هەراسان — لە خوا دەم داتێ مەرگێك بە ئاسان
هەرچەن تۆ دەگری ماڵم وێرانە — دەمە گری مەگری چاوە کەتجوانە

ئەستێرەی سیوەیل کەوتە تاریکی — بە بالاّ بەرزی قەد بە باریکی
دایکی خۆت نیە نازت بکێشی — دەمە گریمەگری چاوە کەت دێشی

با دایك و بابت هەر نارەزا بێ — دلّی من چۆنە دلّی تۆش وابێ
هەرچەن تۆ دەگری ماڵم وێرانە — دەمە گریمەگری چاوە کەت جوانە

شەرعی من و تۆ لە لای مەلایە — با بچینە مزگەوت ماڵی خودایە
دایکی خۆت نیە نازت بکێشی — دەمە گریمەگری چاوە کەتدێشی

بەندی دلّدەپسێ پێیدەبەستمەوە — تاوێك لە زولفت وا بە دەستمەوە
هەرچەن تۆ دەگری ماڵم وێرانە — دەمە گریمەگری چاوە کەتجوانە

## (خوێندنگا یا قوتابخانە)

بەپێنوسی مامۆستای زمانی کوردی : عبدالرحمن السعدی

خوێندەواری بەرێز ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاوم چەند ساڵ لەمەو پێش تا کو ئەو ڕۆژە؛ ئەوە بوە ئایا ( خوێندنگایە یا قوتابخانە ) بەڵام پاش ئەوەی کە ئاواتە کەم گەیشتە جێ واتا ئاواتی ئەو کاتەی کە بتوانم لە سەر لاپەڕەیەك بیر و باوەڕی خۆم ڕوون بکەمەوە ئەو بیر و باوەڕەی کە ئایا خوێندنگایە یا قوتابخانە .

پاکی زمان ئەوە نیە کە ووشەی بێگانەی تێدا نەبێت بەڵکو ئەوەیە کە ئەو ووشە بێگانانە ماناو تام و بۆی خۆی هەبێت .

بەڵام هەروەکو گوتمان دەها وە دەتوانم بڵێم هەزارەها وشەی والەناو زمانی ئێمەدا هەیە کە بەکاری دەهێنین بەڵام لە نەژاد دا هیچ ماناو تامو بۆ نابەخشێت بۆ ئەو زمانەی وەیا ئەو نەتەوەی کە ئەم ووشەیە وەیا ئەو دەنگە بەکار دەهێنێت .

وە ئەوەی باو بێت لەناو خوێندن و خوێندنکاری دا ئەوەیە کە بەخوێندنگا ( المدرسة ) دەڵێن قوتابخانە وەیا بەخوێندکار (طالب) دەڵێن قوتابی بەڵام ئەمە دەپرسین قوتابی چ واتایەکی دەبەخشێت لە زمانی کوردیدا .

وە لە کوێوە هاتوە ئەم ووشەیە چاوگی چیـــە؛

ئـەوە پرسیارێـکە کە هەمومان دەی پرسین ......



بەڵام لەمەو دووا دەڵێین کە ووشەیەکە لێی ڕاهاتوین و لەسەری ڕاڵیشتوین وە هیچ زیانێك بە زمان ناگەیەنێت و هیچ سودیشی بۆ زمانی کوردی نیـە .

زیان ببەخشێت و نەبەخشێت ئێمە مادام گوتەی وامان هەبێت کە پڕ بە پیستی خۆی بێت بۆچ ووشەکەی خۆمان بەکار نەهێنین و بچین بەدووای ئەو ووشانە بکەوین کە هیچ مانایەك نابەخشێت لە هیچ کۆڕێکي زانیاری دا .

بەکار هێنانی خوێندکار واتای خۆی پڕ دەکاتەوە ، واتە ئەو کەسەی کە کارو پیشەی خوێندنە و هیچ ئیشێکي پێوە نانوسێت تەنیا ئیشی خوێندن نەبێت .

وە دەتوانم بڵێم هەتا بەکارهێنانی (طالب) لە عەرەبیدا ئـــەم واتایە نادات بۆ خوێندکار کە ئێمە پێی دەڵێین خوێندکار .

چونکە (طالب) سەرنج ڕادەکێشێت بۆ گەلێ شت واتە داواکاری ئیشێك کە لە داواکردن هاتووە

هەروەها ووشەی ( گا ) و (خانە) کامیان ڕاستەو باشترە بۆ بەکار هێنانی لەباتی جێگا (محل) خوێندنگا واتـە جێگای خوێندن ( محـــل القراءة والدراسة )

بەڵام نەبیستراوە لە کوردیدا بە جێگای خوێندن کە لە پێشوودا لە مزگەوت و تەکیەو حوجرەی فەقێیاندا بووە، بڵێن تەکیەخانە و یا مزگەوت خانە ، چونکە ووشەی خانـــە لە کوردیدا

له ٧٥٪ ی واتاکەی بەهیچ و پوچی بەکار دەهێنرێت کە دەڵێن (خۆ... خان نی یە) واتە جێگای ئیشی خراپ و بێ ڕەوشتی نی یە

جا خوێندەواری خۆشەویست زۆر بەباش زانراوە کە ئێمە ووشەیەکی ناسك و ڕێك و پێکی خۆمان هەیە ئەویش کە (گە، گا) یە بۆ بەکار هێنانی لەباتی (خانە) یان (محل) وە (گە، گا) لەفارسیش دا هەمان واتا دەبەخشێت.

واتاکەی جێگا (محل) وەکو دەڵێن (شەب گاه) یانی وقت اللیل تزمگاه یانی محل الاعتقال، ایستادن گاه یانی محـــل الوقوف ... هتـــد.

| | | | |
|---|---|---|---|
| خوێندنگا : المدرسة | مارپێچ : الحلزون |
| خوێندکار : طالب | قوچەك : المخروط |
| هۆبـــە : شعبە | جیاتا : المتبادل |
| بەردەست : فراش | ئێن دانەوە : التميع |
| بابـــەت : موضوع | ئێسـكـ : الشكل |
| تەقەر : شارحة | گۆپکە : البرعم |
| خـاڵ : نقطة | گونجان : التناسب |
| خاڵە پرسە : علامة الاستفهام | خەست : المركز |
| باداری : الروماتيزم | تەوژم : الزخم |



| | |
|---|---|
| تەزوو : التيار | تێکەڵ الخليط |
| الملامة : پێ ناس | تفاقگە : المخزن |
| ئاونگ : الندى | تفـر : البشرة |
| پسپۆر المتخصص | تروسکە : البصيص |
| پتەو : الصلد | تیۆر : النظرية |
| پوختە الخلاصة | وورە · المعنويات |
| پووك : اللثة | وورد بین : المجهر |
| چــڕ : الكثافة | وەچە : النسل |
| ناك سا الشاذ | خێرایی : السرعة |
| تابلۆ : اللوحة | خەو زڕان : الارق |
| تەبایی : الانسجام | ئاوزێك : الحوض |
| تەنگو چەڵەمە : الازمة | ئاوەڵدان : المشيمة |
| تەنۆلە : الجسيم | پەیمانگە : المعهد |
| تەرازوو مەند : المتعادل | تایبەخۆکان : الخواص |

لاوی کورد بخوێنە خوێندن مەرهەمە بۆ زامی گەل
یەکی زانینە دەدا ڕۆشەن بەئەستێرەی ئەمـــەل
میللەتی جاهیل لەقافڵەی ژیـن و تەئریخی بەشـــەر
دەستە پاچە کەوتووە، جێ ماوە لەش ئیفلیج و شەل
«دڵزار»

# نیشتمانم

لە نووسینی خوێندکار
دڵشاد عبدالله خضر سنجاوی

من کە کۆرپەیەکی پەروەردەکراوی تۆم ، لەناخی دەروونەوە تۆم خۆش دەوێ .

لەخاکە جوانەکەت ڕەگ دادەکوتم ، ئاوی شیرینی شەکەرینت دەخۆمەوە ، لەهەوا پاك و بێ گەردەکەت تامی هەناسەمی پێ دەشکێنم .

بەخۆشی و شادی و کامەرانی دەژیم هەروەکو باوکو باپیرانم ژیاون

زمانەکەشم خۆش دەوێ چونکە پێی دەدوێم .

هەست و ڕازی دەرونمی پێ دەردەخەم .

نیشتمانەکەم تۆ منت پەروەردە کرد هەر لەسایەی تۆوە ڕێگەی چەوت و ڕاست دەناسم ، وەهەر لەسایەی تۆیە پێش کەوتن و سەربەرزی بۆ من دەمێنێتەوە .

وەك مەلێکم کە هێلانەکەم لەسەر دارێك کردبێ وەتیایا گەورەبوم تابووم بەلاوێك توانیم بەرهەڵستی دوژمنانت بکەم و ملیان کەچ بکەم وەهەر ئەوهێلانەی کە تیایە بە باڵ کەوتووم هەر ئەوەیە کەمنی ئیمڕۆکە بەم جۆرەو بەم پلەیە بەرز کردۆتەوە ، ئەوەش بزانە : -



نیشتمانەکەم سەرچاوەی ژینم . . .
کاتێ کە دووربم لێت و نەت بینم
بەدەست خۆم نیە دەڕژێ ئەسرینم

بەڵێ لەژێر ئاسمانی پرشنگ دارت چاوم کراوەتەوەو گیانم گەشەی کردووە دەشتو دۆڵ و چیاو شاخەکانت سارێژکەری زامی دڵمن . .

نیشتمانەکەی نازدارم
پەیمان بێ . . .
بەو دلانەی بوونە قوربانی
لەڕێی ڕزگاری نیشتمانی
بۆ داروبەردی پیرۆزی
بۆ ئازادی خۆی و هۆزی
بۆ سەربەستی منیش وەك ئەو
هەڵسمە سەر پێ چالاکانە
هەوڵ بدەم لەگەڵ خامە
خەبات بکەم وەك ئەمانە
چاو هەڵێنم نەی نێمە خەو

چاکەوەیە شەرت و پەیمانم لەگەڵ تۆ نیشتمانەکەم ، تۆ بۆ منی منیش بۆ تۆ هەر لە خەبات کەم تائاڵای ئازادی لەسەر بەرز ترین جێگای خاکە جوانەکەت بچەقێنم .

## - چوار چوارین -

☆ منداڵ ، زاووك ، بەچە ، زادۆڵە .

☆ دڵداری ، خۆشەویستی ، ئەڤین ، دۆستی .

☆ پوور ، پلە ، پلك ، پلێ .

☆ مرۆ ، پیاو ، کابرا ، مرۆڤ .

☆ شاخ ، چیا ، کەژ ، هەرد .

☆ چاو ، چەقی ، چاڤ ، دیدە .

☆ بالیف ، سەرینگا ، سەرین ، پشتێ .

هەنگاوێکی پیرۆز بوو کەدڵسۆزان و کاربەدەستان نایان بۆ کردنەوەی پەیمانگە ( معهد )ی کوران لەشاری هەولێری کۆڵ نەدەر . داواکارین لەیەزدانی پاك کەهەنگاوی بەرز تری لەدووا بێت .



## پاشای دووەم

کۆکردنەوەی دڵزار عبدالرحمن

لەرِۆیشتنی مێژوودا وادەردەکەوێ هەر پاشایەك ناوی بە دووەم دەر کردبێ . ئەو پاشایە مایەی بەد بەختی بوو بۆ خۆی و بۆ سەرکەوتنی میللەتان .

- امبراتۆری رِوسیا « نیقولای دووەم » لە یەخسیری دا مرد
- سلطان عبدوالحەمیدی دووەم پاشای تورکیا لە یەخسیری دا مرد
- غلیومی دووەم تەختی پاشایەتی لە کیس چوو .
- عمانوئیلی دووەم پاشای پورتوغال وولاتەکەی لە کیس چو .
- اسکندری دووەم امبراطوری رِوسیا بە بۆمبای یەکێك لە نهلەستەکان کوژرا .
- لویسی دووەم پاشای بافاریا بە خنکاوی مرد لە ئاودا .
- جیمسی دووەم پاشای ئسکتلندە کوژرا لە مەیدانی جەنگ
- ناپلیونی دووەم مرد لە دەست بەسەری دا .
- شارکی دووەم پاشای فرنسا خنکێنرا .
- ادواردی دووەم پاشای بەریتانیا کوژرا لە بەندیخانە دا .
- هارۆلدی دووەم پاشای سکسۆنیا لە هاتنەوە کەوتە خوارەوە
- هنری دووەم جەزرەبەیەکی ئەوتۆی لێدرا کوشتی .

- ☆ جاكی دووەم لەسەر تەختی پاشایەتی هێنرایە خوارەوە، لەناو برا لەگۆشەگیریا لەجرما .
- ☆ کریستیانی دووەم پادشای دانیمارك لەیەخسیریا مرد .
- ☆ داغۆبرت ی دووەم و شلدریك ی دووەم و غسطینیان ی دووەم و عثمانی دوودم کوژران .
- ☆ نبوخذ نصری دووەم شێت بوو .
- ☆ مەڕوانی دووەم کوژرا
- ☆ احمد فؤادی دووەم لەمصر لەپاشایەتی هێنرایە خوارەوە .
- ☆ شۆڕشی ١٤ی تەموز فیصلی دووەمی لەعیراق تەفروتونا کرد .

کۆڤاری ڕهێلە پیرۆزبایی لەهەموو جەماوەری کوردی کۆڵ نەدەر دەکات بەبۆنەی داهاتنی سالی نووێ و نزیك بوونەوەی جەژنی ئازار و نەورۆز ی پیرۆز .



## ـ لەبارەگای گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی ـ

لەپێش کەش کردنی خوێندکار : طارق حسین

لەگەنجینەی بێ پایانی فۆلکلۆری کوردی ئەو لاپەڕەیەتان پێش کەش دەکەین ئەو فۆلکلۆرەی کەیەکەم سروودی سەرزاری هەموو کچ و کوڕانی بادینی و سۆرانی و شەمزینی و لوڕو هەورامان و ئەردەلان و موکریان و جەزیرو بۆتانە کەبەپلپلەو لاگیرەو لاسەرەو کەمەرەو عاشق بەندو مێخەکە خۆیان دەڕازێننەوەو پێش وازی لاوی چاو قایم و نەترسی بەشاڵ و شەبك و ڕانك و چۆخەو مراد خانی کورد دەکەن .

ئەو فۆلکلۆرەی کە ئەستێرەیەکی پرشنگداری بەرزی هەیە لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا .

ئەم هەڵبەستە فۆلکلۆریەی کە باسی پاڵەوانیەتی ڕۆلەکی کورد دەکا لەسەردەمی شۆڕشی شێخ محمودی نەمر لەکوردستانی شیریندا

تەیارەکی ئینگلیزی    لەسەر هەولێر گەڕاوە
لەسەر شاری دەسووڕا    قاقەزی بەر دەداوە
قاقەزیان دەخیندەوە    گۆتیان شۆڕش هەستاوە
سێ مانگ عسکریم دەکرد    چ بکەم خۆم پێ نەکراوە
تورك و ڕوس لێکیان دەدا    ئارەمان خۆی کێشاوە

دەچمە کن شێخ مەحمـــودی　　عێراق لەوی بە نـاوە
تێل و تـەلەفـــۆن لێـدرا　　لە کوردانیـان گیـڕاوە
دەستی شێخم مـــاچ دەکرد　　دەی گۆ کودِم بەو لاوە
هانی برِنۆت بــــدەمێ ..　　عومرت هێشتا زۆر ماوە
خەجێ چاوی پێم دەکەت　　لە بۆ چیـــام بادەداوە
دوعا خوازیم لێ دەکرد　　بە چـاو جوابی دەداوە
وەختـــەك سـەرم بڵند کرد　　گودِ فرمێسکي بەرداوە
گۆتـــم یارێ مەگـریێ　　دنیـا هێشتـا زۆر ماوە
با کوردستان ڕزگار کەین　　ئـــەوجا دێمەوە دواوە
هەر دوکمان پێك شاد دەبین　　لە ژێر رەحمی خـوداوە

تۆ دوور و من دوور　　هەر دوکمان دوورین
خەڵکی دەزانن . . .　　بۆ یەك مەجبورین
ڕەشـە ڕەیحـانـــەی　　سـەر گوڵت تەختـە
لـۆ یارم نـاردیـــە　　لای وایـە ڕەختە
ماڵـە گـەورەکەی　　ئەو بەر ئاوایی
بە خـۆی گـاز دەکا　　ماچ بە خـۆڕایی　　فۆلکلۆر



## — هۆنەریکی نەناسراوی شارەکەم —

لەنوسینی خوێندکار : امین قادر خۆشناو

### (قادر)

قادر ناوی «مەلا عبدالقادری کوڕی مەلا محمدامینی خۆشناو»ە لە ساڵی ١٩١٥ لە گوندی «خۆران» کە گوندێکە سەر بە قەزای شەقلاوەیە، لە دایك بوە.

لە تەمەنی حەوت ساڵی باوکی لەبەر خوێندنی داناوە هەر لەلای باوکی قورئانی پیرۆزو چەند کتێبی تری خوێندوە. لە دوایی دا بە فەقێیەتی چۆتە گەلێ لە دێیەکانی دەور و پشتی شاری هەولێر.

تا بوە بە موستەعید دوای ئەوە لەلای مەلا عبداللەی تەرجانی ماوەیەکی خوێندوە پاشان چوە بۆ دیبەگە و لەلای مەلا ئیسماعیلی خوێندوەو هەر لەلای وی خوێندنی تەواو کردوەو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە.

قادر هەر لەتەمەنی گەنجێتیەوە سەودای هۆنینەوەی هەڵبەستی کەوتۆتە سەر وەگەلێ لەشاعیرانی کۆن کاریان کردۆتە سەرهەست و دەرونیەوە وەك نالی و مەحوی و صافی و گەلێکی تر لە فارسیشا سەعدی و حافظی شیرازی .

قادر لە ژیانا گەلێ تەنگو چەڵەمەو کۆسپی هاتۆتە ڕێ بەڵام بە پشوویەکی دوورو درێژ توانیویەتی بەسەریانا زاڵ بێ.

ناوبراو وانەبێ هەرزمانی کوردی زانی بێ، بەڵکو زمانی فارسی و عەرەبیشی دەزانی.

بەڵام لەبەر خۆشەویستی زمانەکەی ڕووی لە هیچیان نەکردوە.

قادر بەهەموهێزوتوانایەکیەوە بەهێزی بازووبەخامەوبەهۆنراوەی گەرموگوڕی هەست بزوێنی ڕووی لەڕۆڵەکانی گەل کردووە.

کە بە دوای بیروباوەڕی هیچ و پوچ نەکەون و یەخسیری دەستی نەزانین نەبن.

وەلەسەر بیروباوەڕی پاك و ڕەوشتی بەرزی یەوە داوای لێ کردوون ڕوو بکەنە خوێندن.

ڕوو بکەنە زانست و زانیاری بەپێی توانا بەرهەڵستی کردووە لەبیرو باوەڕی پیسی دوژمن دۆستان کەلەژێـــر پەردەی ئاینی یەوە لەسەر گەلی کوردیان پەخش دەکرد.



جا ڕوو بەڕوو بەبێ پەردە ڕوو لەگەنجەکان دەکا تا هۆشیار بینەوە و تەماشایەکی دەورو پشتی خۆیان بکەن. وە لەگەڵ ئەوەش دەچێتەوە سەر ئەوانەی کە بەخەنجەری ژەنگاویان دژی خوێندن و خوێندکاران دەوەستن و ڕێگەی پێش کەوتنیان ئەگرن.

جا با لەسەر زمانی خۆی ئەم قسانە ببیستـــین:—

هەستە هۆشیار بە لە خەو ئەی لاوی شیرین
قافلەی ڕەفیقت ئەوا نزیك بوون لە چین
هەر تۆ لە دواوە ماوی وەك کاکە شەلەی وەیسی
چاودە عصری خۆت چەند زەبوون و بێ شەنسی
فائدەی مەکتەب کەسبی عیرفان و فنونە
عەطری ئەو بۆ دەماغ وەك هەلاڵە و بەیبونە
هەر کەسێ ئەڵێ بە مەکتەب ئەڕوا دینو ئیمان
گوێ ی پێ مەدە ئەو بێ عەقلە و هیچ نەزان

وا لێرەشا قادر هەر لەسەر هەمان بیروڕا ڕوو لە میللەتی کورد دەکا کە دەست بکا بەهەوڵ و تێکۆشان بۆ ئەوەی خـۆی ڕزگار بکا لە ژێر نیری ئیستعماری ئینگلیز.

وەدەستەودامانیان دەبێ کەقەت پشت نەدەن بەداگیر کەران و دەڵێ

هەڵمەتی غیرەت بۆ بەشەر لە دواکە ماڵە . .
چوست و چالاکیت بەر لە مەیدان شیرو مەتاڵە
مەتالی تۆ سەعیە تف لە ڕیشی تەمبەلی
گەر بە هیوای پێشکەوی مەیکە پیشەت تەمبەلی
ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ئازاتر نەبون لە نەوەی کاوە
سەبەب نەزانینە کە گەلی کوردی خستە دواوە

قادری زانا و بلیمەت قادری هەستیاری نیشتمان پەروەر وانەبێ هەر بەوەندە وازبێنێ
بەلکو چەن جار قسەکانی خۆی دوپات کردۆتەوە و دەڵێ : —

با بچین یاران بۆ لای موعەلیم . . .
تاکو سەرکەوین لە جەهلی قەدیم
دەس کەنە قەلەم بنوسن دەفتەر
زوو بن کۆشش کەن وەرگرن هونەر
ئەغیار و منکر هەموو پێشکەوتن
ئێمە مانەوە و بەدوای وان کەوتین
لادە لە سەر چاو پەردەی تاریکی
ئێمەی خنکاندوە گوریسی خەلکی

وانەبێ قادر هۆنراوەکانی هەر لەسەر یەك بابەت بێ بەلکو لەسەر دڵداری و ئاینیشی داناوە.
وا لێرە دا پارچەیەك لە هەلبەستە دڵداریەکانی دەخەینە



پێش چاو کە لە ساڵی ١٩٣٠ دای ناوە : —

دەبا بمرم لە حسرەت چاوەکانی و ڕەنگ و ڕوخساری
ئەمن چ بکەم چ لە گوڵ کەم کە من سوتام بەیەك جاری
دەوای دەردم بە کەس ناکرێ هەمو دەم کارە گریانم
بە ئاهی من فەلەك ڕەش بو و زەمین سوتا لە ئەحراری
بە جامی عیشقت مەدهۆشم لە بەر دەردت زۆر ناخۆشم
ئەگەر بمرم فەرامۆشم بە هەردوو چاوی نازداری
دەسا وەرە هەتا ماوم نەوەك ئیمڕۆ ئەمن بمرم
بکە ڕەحمێ بە ئەو ( قادر ) حریصە نەفسی غەداری

قادر تائەمزوانە هەر بەمەلایەتی لەمدێ بۆ ئەودێ لەملا بۆ ئەولا چوە ، تا لەدوایی لە شاری هەولێر نیشتەجێ بوە ، وە لەو کاتەی لە دەورەی مامۆستایان کراوەتەوە بۆ مەلاکان .
ئەویش وەك سەدان کەسی تر ڕووی لێ کردوەو خوا یاری بوەو سەرکەوتوە .
وە ئێستا قادر تەمەنی «٥٦» ساڵە
لە یەك لە خوێندنگاکانی هەولێر مامۆستایە .
وەدیوانێکی پوختی هەیە لە هەڵبەستی جوان جوانی بەرزو قوڵ

بەڵام بەم زووانە جیهانی چاپ نابینێ.

## قسەی نەستەق

☆ چەمی درۆ سەرچاوەی نزیکە.

☆ خاوەنی باخ و بیستان شەرمەزارە بەزستان

☆ خانەی چۆلم باشترە لەخانەی شەرم.

☆ زالم ببێتە پرد پێی لێ مەنێ.

☆ هەزار هاورێ کەمەو یەک دوژمن زۆرە.



## «بەهاری کوردستان»

عثمان حمد دەشتي

جەژنی پەپوولەو گوڵە
کاتی سەیرانی دڵە
بولبول والەسەر چڵە

خۆشی بۆ من و یارە
چونکە ئەمڕۆ بەهارە

بەهار شادی و خۆشییە
کاتی بادە نۆشییە
سروشت بەرگی پۆشییە

کاتی سێو و هەنارە
لەمەوپاش وا بەهارە

بەهاری کوردستانە
بووکی هەموو جیهانە...
نەڵێی دوور بیت نەمانە

لەبۆ ڕاو و شکارە
باشترین کات بەهارە

لەلایێ دەنگی بولبول
لایێ پێکەنینی گوڵ
مەستی دەکا هۆش و دڵ

وەک دەنگی عودو تارە
لەنێو جەرگەی بەهارە

نەمامیلکەی گوڵی زەرد
لەشاخ و لەدەشت و هەرد
سەر هەڵ دەدا لەژێر بەرد

لەکێو و لەنزارە . .
سەیرانە وا بەهارە

کچی جوان و کوڕی لاو
بەبرژانگی ڕەشی چاو
لەیەکتر دەکەن سڵاو

دەڵێ ئەوەی دڵدارە
خۆشی هەر لەبەهارە

نەسیمی کاتی سەحەر
پێت دەبەستێنێ کەمەر
تاکوو لە ماڵ بچیە دەر

لەسێبەری چنارە . .
دانیشە وا بەهارە . . .

ئاوی ساردی شاخ و دەر
ڕوون و پاکە وەك شەکەر
لەژێر خاکا دێتە دەر

هەر لا جۆگەو ڕووبارە
لەوەرزەکەی بەهارە



وەك چۆلەکە بەبێ خەم
دەقیژێنین پڕ بەدەم
لەناو ڕەز و لەناو چەم

خۆشی هەر لە بۆ دارە
دەپشکوێ لە بەهارە

ئەوە کاری یەزدانە
ئەوەی دەڵێ جوانە
بەخشی بەم کوردستانە

لە لادێی یا لە شارە
پێشکەشت ئەم بەهارە

## پەندی پێشینان

* مەچووە لای هیچ کەس تا پێویست نەبێ
ڕۆژ لە زستانا خۆشەویست دەبێ

جاهل چەن زل بێ وەك کەندووی بۆشە
دەنگی دەهۆڵیش هەر لە دوور خۆشە

« پیرەمێرد »

* پشتم سەفین بێ تف لە ئاسنیش دەکەم .
* زێڕی پەتی لە ئاگر ناترسێ .

## - ووتوو ویژیك -

گۆڤاری ڕهێڵە ئەم گفتو گۆیەی خوارەوەی لەگەڵ ( خاتوو حمدیە محمد نوری جاف ) مامۆستای زمانی کوردی لەخوێندنگای ئامادەیی کچانی هەولێردا کرد :

پرسیار : خوێندنی زمانی کوردی لەخوێندنگاکەتان تاچ ڕادەیەك پێش کەوتووە ؟

وەڵام : دەتوانم بڵێم خوێندنی زمانی کوردی لەخوێندنگاکەماندا پێش کەوتووەو پێش نەکەوتووە.

پێش کەوتنەکەشی ئەوەیە خوێندکارەکانمان کەجێی شانازی منن بەهەموو دڵسۆزیەکەوە هەوڵ دەدەن بۆ فێر بوونی زمانەکەیان ، وەپێش نەکەوتنیشی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کەچەندەها ساڵە لێی نائومێد بوون بۆیە بەگرانی فێری دەبن .

پرسیار : ڕادەی پێش کەوتنی خوێندکارەکانتان چۆنە بەتایبەتی لەوانەکانی کوردی ؟

وەڵام : هەروەك لەپێشەوە باسمان کرد خوێندکارەکان بەرەو پێش کەوتن دەڕۆن، وەبەدڵسۆزیەوە باوەشیان بۆ کردۆتەوەو بەچالاکی هەوڵی فێر بوونی بۆ دەدەن .

پرسیار : باشترین ڕێگا چیە بەلاتان بۆ پێش خستنی وێژەو ڕێزمانی کوردی لەخوێندنگاکەتاندا ؟



وەڵام : لای من باشترین ڕێگا بۆ پێش خستنی وێژەو ڕێزمانی کوردی ئەوەیە کە وانەکان دابەش بکەین بۆ وێژەو بۆ ڕێزمان ، لە وانەی وێژەدا باسی مێژووی ژیانی وێژەو وێژەوانانی کوردی تیا بکەین وە هەوڵ بدەین کە بەشێکی زۆر لە هۆنراوەکانی بوێژەکانمان بۆ خوێندکاران ڕوون بکەینەوە وە ڕێزمانیش هەر بەم جۆرە تا لەمێشکی خوێندکارەکانمان بچەسپێ و بەکاری بهێنن لە نوسینو قسە کردنا نەك هەر یاساکانی ڕێزمان لەبەربکاو بەس بەڵکو بەکاریشی بهێنێ .

پرسیار : ئایا چ تەنگو چەڵەمەیەکتان دێتە ڕێگا لە خوێندنی وانەکانی زمانی کوردی ؟

وەڵام : بەڕاستی زۆر پێ خۆشحاڵ بووم کە ئەم پرسیارەتان کرد چونکە بەڕاستی نەك هەر ئێمە بەڵکو لام وایە ئێوەش گەلێ تەنگوچەڵەمەدەبینن ، ئەوەش لەبەر نەبونی پەڕتوکە بۆخوێندکاران وە تکاش لەهەموان دەکەم بۆ ئەوەی هەوڵێ بدەن بۆ ئەوەی بە زوترین کات پەڕتوکمان بەدەست بکات بەتایبەتی بۆ خوێندکارانی پۆلی شەشەم .

پرسیار : پێشنیازتان چیە بەرامبەر گۆڤارەکەمان ؟

وەڵام : لە پێشا زۆر سوپاسی گۆڤارەکەتان دەکەم

کە ماوەی دا بە ئێمە تا بیرو ڕای خۆمانی تیـا دەر بڕین ، وە هیوا دارم کە سەرکەوتو بن لە پێش کەش کردنی بەرهەمی جوانتر

دووبارە بە ناوی خۆم و بە ناوی گشت خوێندکارانی خوێندنگاکەمان سوپاستان دەکەین .

## بۆ زاخاوی مێشك

❊ — گلۆرەی بایە تێم هەڵدایە قەت نەبڕایە .

❊ — چۆمە شاری شکاکە گۆشتم دی لە ملاکە .

❊ — نە پێی هەیە نە پانی بە خۆی دەچێتە سەر بانی .

❊ — هەندوکە بەدندوکە لە پێش خەڵکی دەڵێی بووکە .

❊ — قشتیلە پشت بەستیلە .

❊ — خانوەکم هەیە پڕ لە تەپشولە

خۆت تاقی بکەرەوە

پاشان بڕوانە دامێنی لاپەڕە(٥١)

بزانە زیرەکیت ..... ؟



# ((ئەگەر مەگەر))

برهـان عبدالأحد

وا ئەگێڕنەوە جارێك سولتان مەحمود لە گەڵ وەزیرەکەی (هەیاس) و خورامەکانی چوون بۆ گەشت و گەڕان ؛ خورامەکان زۆر ڕقیان لە هەیاس دەبوەوە ، دەیان ویست پیلانێکی بۆ هەڵبەستن تا سولتان مەحمود دەری بکات .

لەم گەڕانە دا چاویان بە پیاوێکی زۆر پیر و یەختیار کەوت کە جووتی دەکرد ، چونە لای و ماندوو نەبونیان لێ کرد هەیاس هەندێ پرسیاری لێ کردو ووتی :—

١— مامە پیرە بۆ زووت نەچاند ؛

جووتیار : زووم چاند نەبوو .

٢— هەیاس : لە گەڵ برایان چۆنی؟

جووتیار : برام لێ تاق و جووت بوونە .

٣— هەیاس : لە گەڵ دووان چۆنی ؟

جووتیار : دووم لێ بوە بە سێ .

٤— هەیاس : ئەگەر ؟

جووتیار : مەگەر !

دوای ئەم گفتوگۆیە هەموویان گەڕانەوە بۆ بارەگای سولتان ، سولتان بە خورامەکانی گوت :—

ئەگەر ئێوە وەڵامی پرسیارەکانی هەیاسم بۆ هەڵبێنن من هەیاس دەر دەکەم.

وتیان باشە، ئەمشەو مۆڵەتمان بدە بەیانی وەڵامەکانت بۆ دەهێنین هەرچەندە ئەملاو ئەولایان کرد وەڵامەکانیان نەزانی، هەستان چونەلای جوتیارە پیرەکە داوایان لێ کرد کە وەڵامی پرسیارەکانی هەیاسیان پێ بڵێ، ئەویش گوتی ئەگەر پارەیەکی زۆرم نەدەنێ پێتانی ناڵێم، گوتیان باشە هەر چەند دەڵێی دەت دەینێ.

لە دوایی دا وەڵامی پرسیارەکانی هەموو پێ گوتن و پارەیەکی باشی لێ وەرگرتن، بەڵام دەست و پەیوەندەکان لە بیریان چوو وەڵامی پرسیاری (ئەگەر؟ مەگەر) ی لێ بپرسن، هاتنەوە لای سوڵتان و گوتیان وەڵامەکانمان هەڵهێنا، سوڵتان گوتی دەی بیڵێن

وەڵامی پرسیارەکانیان گێڕایەوە بۆ سوڵتان و هەیاس، لە دوایی دا سوڵتان ڕوی کردە هەیاس و گوتی: هەیاس وەڵامەکان تەواوە؟ ئەویش گوتی نەء، ئەدی وەڵامی (ئەگەر؟ مەگەر) کاتی هەیاس ئەمەی گوت خودامەکان لەجێی خۆیان سارد بونەوە، چونکە پیلانەکەیان سەرنەکەوت.



پاشان هەموویان چوونە لای جوتیارەکەو هەیاس گوتی: مامە نەمگوت (ئەگەر؟) جوتیاریش گوتی: ئەدی منیش نەمگوت (مەگەر!).

ئینجا هەیاس ڕووی کردە سولتان و گوتی: گەورەم خۆ بۆت دەرکەوت کە پارەیان داوە بۆ وەڵامی پرسیارەکان.

ئینجا هەیاس هەمووی بۆ سولتان ڕوون کردەوە.

ئەمەش وەڵامی پرسیارەکانی هەیاسە:

١ـ هەیاس دەڵێ بۆچ زوو ژنت نەهێنا؟

جوتیار دەڵێ: زوو ژنم هێنا بەڵام منداڵم نەبو لەجیاتم جۆت بکا

٢ـ هەیاس دەڵێ لەگەڵ ددانەکانت چۆنی؟

جوتیار دەڵێ: ددانەکانم شاش و واش بونەو خواردنم کەم بووە.

٣ـ هەیاس دەڵێ لەگەڵ قاچەکانت چۆنی؟

جوتیار دەڵێ: قاچەکانم باریکو لاواز بونە ناتوانم بێ گۆچان بڕۆم

٤ـ هەیاس دەڵێ ئەگەر بۆ وەڵامەکان ئەمانە هاتنە لات پێیان دەڵێی؟

جوتیار دەڵێ: مەگەر پارەیەکی زۆرم بدەنێ دەنا پێیان ناڵێم.

## دەڵێن

☆ گووێزی بۆ دەژمێری .
☆ لەگووێی گادا نوستووە .
☆ بەحەوت ئاو شۆراوەتەوە .
☆ مریشکی ئاشەوانە .
☆ ئاشی ئاو کەوتووە .
☆ بۆ ئاگر هاتووە .

بڵێن بەو بوکی تازەی یەك شەوەم ئەگەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشتو لە رِێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لە پێناوی وولاتێکا سەرم بەخشم
کە تۆی پەروەردە کرد بۆ من لە دامێنی چیاو کەژیا
ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ بێی بڵێ رِۆڵە
لە من فرمێسکی ویست بار کت لە تۆش داوا ئەکا تۆڵە
گۆران



## - سێ هاورِێ -

دڵشاد عثمان

زانست ( العلم ) و سامان ( الثروة ) و ئابرِوو ( الشرف ) کاتێ کەلەگەڵ یەك جیا دەبوونەوە سامان و ئابرِوو لەزانستیان دەپرسی : -

ئەگەر تۆمان بزر کرد لەکووێ دەت بینینەوە ؟

زانست گوتی : ئەگەر من بزر بووم لەخوێندنگا ئەم دۆزنەوە .

ئینجا زانست و ئابرِوو لەسامانیان پرسی :

جا ئەگەر هاتوو تۆ بزر بووی لەکوێ دەت بیننەوە ؟

سامان گوتی : لەکۆشکي بەرزو لەماڵی خۆش دەم بیننەوە .

ئەم جارە زانست و سامان لەئابرِوویان پرسی :

ئەی ئەگەر تۆ بزر بوویت لەکووێ دەت بیننەوە ؟

ئابرِوو ئاخێکي لەناخی دڵیەوە هەڵکێشاو بەپەستی گوتی :

ئەگەر من بزر بووم
ئیتر هەرگیز نام دۆزنەوە !!!.

## ـ هەنگاویکی بەرز ـ

عارەب عبدالقهار گەلالی

لەناو تاریکیی سەختی شەو
هیوای مرۆڤ بزووت لەخەو
بلێسەی سەندو کەوتە گڕ
تیشکی پەقژا ناکاو لەپڕ .
فرشتەی زانین بوو بەنیازی
گلپەی بەرزیی و سەرفرازی
چرای گەشی وەکوو مەشخەڵ
ڕەونەقی کرد ئەستۆی کۆمەڵ
پچڕی پەردەی گێژاوی خەم
بڕی ڕێگای جەور و ستەم
هەر ئەو دەمەی مانگی دەستکرد
شاڵاوی بۆ ئاسمان دەبرد
بەزانستا هاتە جیهان
گەردوون هەڵچوو تەقی بەژان
ئەو مانگی هاوسەری زەوی
گشت شەوێ دەهاتە خەوی
ئەوسا ئەویش بەناچاری
تەکانی دا بە یەك جاری



دەری بڕی سوێن و بەڵێن
بەبێ ئۆقرە بەدوای ئەو شوێن
بزووت بۆی چوو وەکو خەدەنگ
ڕێگای دووری هێنایە تەنگ
دوایی هەوڵی زۆر و بەتین
بە گوڕ ڕشتی زاخاوی قین
لەسەر مانگا بۆ یەکەم جار
هەنگاوی ناو هاتە گوفتار
بۆ ژیانی نوێ و یەکەم مەڵبەند
لە ڕووی مانگا نەخشەی هەڵکەند

---

### وو تەی بەجێ

عەیبە . . . عەیبە . . . یەکە دوژمنی پێشکەوتنە و گەورە ترین سوپەری کۆنە پەرستە .

« بێ کەس »

دەوران دەوڵەتت لە دەس دەسێنێ
بەڵام ناوی چاك تا سەر دەمێنێ . . .

« پیرمێرد »

ماڵی دنیا چڵکی دەستە
شەرەف و ناموس مەبەستە

« هەژار »

# گرەوی رهـــیلە

پرسیاری یەکەم :—

ناوی یەکێکە لە هۆنەرە بەناو بانگەکانی کورد ماوەیەکی
زۆر لەمەو پێش ماڵ ئاوایی لە جیهان کردوە ·

ناوەکەی لە پێنج (٥) پیت پێك هاتووە

پیتی یەکەم لە ووشەی ( کەسك ) دا هەیە ·

پیتی دووەم لە ووشەی (سوور) دا هەیە ·

پیتی سێیەم لە ووشەی ( نارنجی) دا هەیە ·

پیتی چوارەم لە ووشەی ( زەرد ) دا هەیە ·

پیتی پێنجەم لە ووشەی ( شین ) دا هەیە ·

ئەم هۆنەرە کێیە ؟

---

پرسیاری دووەم :—

ناوی چیایەکە لە کوردستان

ناوەکە لە (حەوت) پیت پێکهاتووە

پیتی ٣ + ١ = بە مانای ( قین ) دێ ·

پیتی ٦ + ٣ + ٥ = ناوی گیاندارێکی زل و ناشیرینە ·

پیتی ٥ + ٣ = بە مانای ( جەنجاڵ ) دێ ·

پیتی ٧ + ٤ + ٣ = بە مانای «شوورە» دێ ·



پرسیاری سێیەم :—

من شتێکم لا بوو تۆش شتێکت لا یە شتەکانی خۆمان گۆڕیەوە
لە ئەنجاما من دوو شتم لا دەبێ و تۆش دوو شتت لا دەبێ ·

ئایا شتەکان چین ؟

## تێ بـــینی /

١— وەڵامی دوو پرسیار بدەرەوە ·

٢— لە کاتی هەڵهێنانی پرسیارەکان وەڵامەکان بەم ناونیشانە
ڕەوانە بـــکەن :—

هەولێر — خوێندنگای دواناوەندی کوڕانی هەولێر —
کۆڤاری ڕهـــێلە ·

٣— پاداشتەکان :—

* — بۆ یەکەم کات ژمێرێکە .

* — بۆ دووەم پەڕتوکێکی نایابە .

٤— هەر وەڵامێك کۆبۆنی لاپەڕە(٤٧)ی
لە گەڵا نەبێت ئەخرێتە پشت گوێ

## – ژیـان چی یـه ؟ –

عبدالواحد قادر خۆشناو

ڕۆژی لە ڕۆژان پۆلێ مەل لەسەر لقی درەختێ دەیان خوێند، لە کاتێکدا کە مەستی خۆش خوانی بوون یەکێکیان ووتی :- ئەرێ ژیان چی یە ؟ هەموو سەریان سوڕما لەم پرسیارە سەیرە گەلێ لێکیان دایەوە تا یەکێکیان ووتی : ژیان گۆرانی یە مێروولەیەک لەو لاوە تەقەلای دەدا تا خۆی لە ژێر گل دەربهێنێ ، هەر کە سەری دەرهێناو ڕۆشنایی بینی گوتی :- نەء ژیان تێ کۆشینە لە تاریکیدا . لەولاوە گوڵێکی تازە پشکوتوو زاری ڕاگرتبو بۆ هەنگێك کە سـاچێکی خاوێن و گەرمی بکات ووتی : ژیان خۆ- دەرخستن و شادیە .

هەنگێکی تر بەلایا ڕۆیی و گوتی : نەء ! بڵێ ژیان ڕۆژێکی گەرمی هاوینـه

لەولاوە باڵدارێکی تر دەستی کرد بە پێ کەنین . پێکەنینێکی وەها کەهەوری خەمی سەرڕەوی پێ بڕەوێنێتەوە ، وەخت بوو کوورەی توورەیی تاو بسێنێ و کڵوڵەی دامرێتەوە ئەگەر شەختەو ڕهـێلە بارانی زستان نەبوایە ، ئاخێکی هەڵکێشاو گوتو : ژیان فرمێسکە بازێك ئاسمانی دەیبڕی بە مەلە دەیچریـکان و



دەی گوت : نەء درۆت کرد ژیان هێزو ئازادیە . لە پاش نەختێ تاریکی هەڵمەتی هێنا ، شەو باری خست ، مێش و مەگەز بەبزە بزە لەلق و پەلی درەختەکان دەوەران و دەیان گوت : ژیان خەوە . شارودێ بێ دەنگ و سەنگ ، کش و مات بوو . بەیان نزیك بووەوە خوێندکارێك چرای ژوورەکەی خۆی کوژاندەوەو هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی : ژیان خوێندنگایە .

کزەبای بەیانیش بەشنە شن دەهات و دەی گوت : ژیان گرێ کۆلەیەکە ناکرێتەوە ، نهێنیەکە ئاشکرا نابێ .

ڕۆژ دەرکەوت و دنیا ڕۆشەن بووەوە ، بەیان ناوچەوانی ژیاوەی زەوی ماچ کرد ، هەموو لایەك دەنگی دەدایەوەو دەی گوت : ژیان دەست پێ کردن و ئیش کردنە .

کۆبۆنی گرەوی ڕهیلە

ناو : ..............

ناوو نیشان : ...........

...............

## پێویستە بزانی

لە کۆ کردنەوەی
فکرة عزت شفیق

### لە شەڕی جیهانی دووەم

(٦١) دەوڵەت لە شەڕی جیهانی دووەمدا بەشدار بووە کە ژمارەی دانیشتووانیان (١٧٠٠) ملیون کەس بوو

شەڕ لە پانایی (٢٢) ملیون کیلۆمەتری چوارگۆشەدا بەرپا بو

(١١٠) ملیۆن کەس چەکی هەڵگرت ·

(٣٢) ملیون کەس لە ناو چوو ·

(٣٥) ملیون کەس شێوەیان شێواو تێك چوو ·

تەنیا لە ئەوروپادا (٢٣) ملیون و (٦٠٠) هەزار خانوو وە (١٤) ملیون و (٥٠٠) هەزار کارگە و بینای تر وێران کرا ·

تەنیا لە یەکیەتی سۆڤیەت دا (١٧١) شارو (٧٠) هەزار دێ کێڵگە وێران کرا ·

لە یەکیەتی سۆڤیەت دا «٢٥» هەزار کەس بێ لانە مانەوە ·

شەڕ «٧٢» مانگی خایاند ·

((کێ تۆی پێ گەیاند؟))

— خۆم!

— چۆن؟

لەو کاتەوە کە هەست بە چاکە و خراپە دەکەم هەر چاکەیەکم لەم و لەو دیبێ منیش هەوڵم داوە بیکەم هەر خراپەیەکم دیوە هەوڵم داوە نەیکەم و لێی دوور کەوتوومەتەوە ·



## (ووتن و بیستن)

لە پێشکەش کردنی : « جلال بەرزنجی »

مامۆستاو پیتۆڵ و زانا ئەفلاتون دەڵێ : هەمو مرۆڤێك خۆشەویستیەکی لە دەرونە کە هەمیشە دەیەوێ لە کۆمەڵ و مەردمدا نزیك بێ . . . . ئایا بۆچی ؟

لە وەڵامدا دەڵێین بۆ بیستنی ووتە بە گوێ وە شت دیتن بە چاو لێرەدا پێویستیمان بە شی کردنەوەی نرخ شناسیەکی گرنگ هەیە ، لە پێشەوە پرسیارێك دەکەین و دەڵێین : کێ گوێ گرەو کێ دەڵێ ؟ لە وەڵامدا دەڵێین : مرۆڤ ئەگەر هیچ نەزانێ لەبارەی باسێك کە لە کۆڕێکدا دەکرێ پێویستی بە گوێ گرتن هەیە زیاتر لەوەی کە قسان بکا · چونکە مرۆڤ ئەگەر شتێکی نەزانی و قسەی لێوە کرد ئەوە دەبێتە مایەی پێکەنین و شەرمەزاری و پەشیمانی ، لەبەر ئەوە لەم کاتەدا دەبێ گوێ گر بێ واتە گوێ بگرێ بەڵام چۆن گوێ گرتنێ جۆرە گوێ گرتنێك کە یەك جۆرە هونەری تێدایە ئەویش هونەری گوێ گرتن و بەس ، بەڵام ئەو کەسەی گوێ دەگرێ خاوەنی دوو جۆرە هونەرە یەکەمین هونەری زانین و شی کردنەوە و لێك دانەوەی ووتەکان دووەم هونەری گوێ گرتنە •

ئەوەی پێویستە بۆ گوێ گر کە هیچ کاتێ نابێ خۆی

بە پیتۆڵ و دانەری تیۆر (نظریة) دابنێ، چونکە قسەی بۆ دەکرێ و باسێکی تایبەتی بۆ ڕوون دەکرێتەوە. لێرەدا گوێ گر داوا کارێکە چاوەڕوانی ئەم داوا کاریەیە لە ئەنجام دا داوا کاریەکەی بیگاتێ و تێی بگا.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە گوێ گر ڕەزیل و زەلیلە تا باسەکەی بۆ دەکرێ لەهەمان کات دا دەبێ گوێ بگرێ چونکە گوێ گرتنەکەی زیاتر پێویستی بەباسەکەی هەیە لە قسەکردن.

زانایەکی فارسی دەڵێ: هەمو داواکاریەك زەلیلی تێدایە چونکە ئەم کەسە زەلیلە ڕێگای نیشان دەدرێ هەروەها گوێ گرتن وەکو ئەم زەلیلیەیە.

لێرەدا وا پرسیارێکی تر دەکەین و دەڵێین: ئایا مەردم لە سەر یەك ڕوواڵەت دەمێنێتەوە؟

لە وەڵامدا دەڵێین نەء، چونکە هەمو شتێك بەرەو پێش کەوتن و گۆڕانە جا ئەو شتە چ گیاندار بێ چ بێ گیان، ئەم گۆڕانە چ لە شێوەی شوێن (ستراتیجی) چ لەشێوەی بیر (ئەیدیۆلۆجی) چ لە شێوەی کات.

واتە ئادەمیزاد نابێ هەر لەسەر یەك ڕواڵەت بمێنێتەوە لە درێژای



ژیانی بەڵکوو لە پاش کەوتن و گوێ نەگرتن نەبێ وە هەردەم هەوڵ و تەقەلاو ڕەنج بدات بۆ پێش خستن تا پێ بگات.

بەڵام هەر بە گوێ گرتن لەشوێنی خۆمان نە پێ دەگەین و نە تێ دەگەین بەڵکو پێویستە لە پێشەوە تێ بگەین لە دوایی دا ئیش بکەین تاکو پێش کەوین و پێ بگەین چونکە زاناکان دەڵێن:—

ئەوەی نەڵێ فێرە قسە نابێت چونکە ووتن تاقی کردنەوەیەکی موختەبەریەواتا ئەگەر خوێندکار ووتان نەیێژێ هەروا دەمێنێتەوە نابێت بە مامۆستا.

ئیتر نابێ ئیش نەکەین و لە هەڵە بترسین چونکە ئەم کارە زۆر نادڕەوایە دوورمان دەکاتەوە لە هەموو ئامانج و ئاواتمان، وە هەر مرۆڤێك تا هەڵە نەکات ڕاست نابێتەوە تا ناخۆشی نەچێژێ تامی خۆشی ناچێژێ وەژیانی ووشك دەبێ و لە کۆتایی دەڵێم ووتن هیچ نی یە شەرت کردەوەیە چونکە هەوری بێ باران بێ سودە.

وەڵامەکانی لاپەڕە —٣٦—

١— ڕێگا ٢— چاو ٣— دوکەڵ ٤— فانۆس ٥— گەسك
٦ دەم

## ﴿ چۆن ناوی خەڵك دەخەیتەوە بیر ﴾

لەیاد چوونی ناوی ناسیاوەکانمان زۆر جار لەکاتی بەیەك گەیشتن ئەبێتە هۆی بەخۆدا شکانەوەمان لەبەرامبەریان ، وا ئەبێ هەڵێکی باشیشمان لەدەست دەچێ . لەوانەیە کەئەوان واتێ بگەن کەئێمە خوویان پێ نادەین ، ئەمەش کار ئەکاتە سەر پەیوەندی نێوانمان .

چارەسەر کردنی ئەمەش وانەبێ گران بێ بەڵکوو گەلێ کەس دەتوانن بەتایبەتی ( خاوەن کارەکان) کەناوی هەزارەها لەکرێکارەکانیان بزانن بەبیر تیژی خۆیانەوە .

والێرەدا کورتە تاقی کردنەوەیەکی زانایان دەخەینە بەرچاو : -

یەکەم : ئەگەر هاتوو هاوڕێکەت کەسێکی پێش کەش کردیت کەپێشتر نەت دەناسی ناوەکەی بەدروستی تێ بگە وەئەگەر هاتو ناوەکەی تێ نەگەیشتی بەبێ شەرم کردن دووبارە لەناوەکە بپرسەوە وەئەوەش دەبێتە دڵ گوشادی بۆ ئەو .

دووەم : هەر چەند دەتوانیت ناوی ئەو کەسە دوو پات بکەرەوە وەکەلەگەڵیا دەدوێی بۆ وێنە پێی مەلێ ( پاشان چیت کرد )



بەڵکوو بڵێ ( کاك ڕزگار پاشان چیت کرد ) ، وەهەروەها چەند دەتوانی لەگەڵ هەموو ڕستەیەك لەووتەکانت ناوەکەی بەگەڵ بدە وەك بڵێی ( کاك ڕزگار کەی ئەچی بۆ شەقلاوە ) یا ( کاك ڕزگار کەی دەگەڕێیتەوە ) . بەم جۆرە ئەمە دەبێتە شادی بۆ ئاشناکەت و چەسپاندنی ناوەکەشی لەبیری تۆدا ، چونکە چەند خۆشە بۆ گوێمان کە گوێمان لە ناوی خۆمان دەبێ لەدەمی خەڵکەوە کەقسەیان لەگەڵ دەکەین .

سێیەم : باش لەو کەسە وورد بەرەوە کەناسیاوی لەگەڵ دەبەستی جائەگەر ویستت ناوی ئەو کەسانە بزانی کەلەگەڵیانا ڕوو بەڕوو دەبی ، پێویستە خۆت ڕابهێنی لەچۆنیەتی ڕەنگی چاو و پرچی سەریان یاچۆنیەتی دەم و لووت و گوێیان . بەتەنیا دیتنێك و ، هەروەها وورد بیبەوە لەڕەوشتیان .

چووارەم : هەوڵ بدە بۆ زانینی هەموو شتێك لەبارەی ئەو کەسەی کەلەگەڵیا ئاشنا دەبی چونکە هەر ڕاستیەك کەدەیزانی لەناسیاوەکەت زیاتر وێنەکەیت لەمێشکا دەچەقێنێ .

پێنجەم : بیر لەوە بکەوە کە پەیوەندیەک لەبارەی ناوەوە لەما بەینی ناسیاوەکەت و باوک و باپیرانی خۆتەوە چونکە بەهێزی بیر تا رادەیەک لەسەر دۆزینەوەی ئەم چەشنە پەیوەندیە رادەوەستێ .

شەشەم : بیری خۆت تاقی بکەرەوە لەهەر هەلێکا کە بەچنگت دەکەوێ وەکوو گەر هاتوو لەئاهەنگێکا بەشدار بوویت هەوڵ بدە کەناوی هەموویان بزانی .

وە ئەگەر هاتوو نەشت زانی لەهاورێکەت یا لەخاوەن ئاهەنگەکە بپرسە .

حەوتەم : بەهرە بەگشت کەسێک بدە کەڕوو بەڕووی دەبی چونکە چەند زیاتر ڕێزیان لێ بگری ناوەکانیانت لەبیر ناچێتەوە ، چونکە گەر بەهرەیان پێ نەدەیت تۆ ناوی کەست بەبیر نایەتەوە کەدەیان بینیت یادەیان دوێنی .



# کامیان جوانە

لە مامزی دەشت یا مەلی سەردار
یا کچە کوردی جوان و نازدار
یا دایک و کۆرپە ، کاتی مەمک دان
وەیا دوو دڵدار کاتی سەرلێکدان
یا دووەم بەهەشت یا خود کوردستان
دەرمانی دەردی هەموو دڵ پەستان
یا سواری ئەسپێک تاژیت لەگەڵ بێ
مامز و کێویش وەکو مێگەل بێ
تاژی تێ بەردەی لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ
هەتا دەیگری و دەیدا لە خرتۆڵ

((( « ☆ بۆ پیکەنین ☆ » )))

مامۆستا پرسیاری کرد و گوتی :-
« ئەدیس ئەبابا » بۆ ژن بەکار دێ یا بۆ پیاو ؟
خوێندکارێک : بۆ پیاو
مامۆستا : ئەی بۆ ژن ؟
خوێندکار : ئەدیس ئەدایە ٠٠٠٠٠ !!!!

# ئایا ئەزانی

شاری هەولێر ئەو شارە کۆنەی کوردەواری یە کە «گەزەنفون» ی یۆنانی لە گەڕانەوەی دە هەزار کەسەکەیدا لەساڵی ٤٠١ پێش بووندا کردویە بە ڕێباز ٠

شاری (بتلیس) ئەو شارەیە کە مەڵبەندی (ئەمیر شەرەف خان) ە ئەو ئەمیر شەرەف خانەی کە لە ساڵی (١٠٠٥) ی کۆچی بە دانانی (شەرەفنامەکەی) دەنگی مێژووی کوردی گەیاندە جیهان ٠

## سوپاس

لە کانگای دڵەوە سوپاسی هەستی پاکی کارگەرەکانی چاپخانەی کوردستان دەکەین کەوا بە پوختی و تەڕدەستی چاپی کۆڤاری ڕهێلەیان کۆتایی پێ داوە ٠

# Rihêle

Kovarêkî rewsen bîrî w perwerdeyî Salaneye
wêndingay duwa nawendî kuranî Hewlêr
rî dekat



Nirxî 75 Filse

1000-3-1971